
زمانی کوردی
كردي سوراني

# چۆنییەتی نوێژی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم). (1)


سوننەتە کەسێ پێشنوێژی دەکات و کەسی تاک رووو سوترە نوێژ بکەن ، وە سوترەی پێشنوێژ سوترەیە بۆ ئەوانەی پاش خۆی .

وە تەماشای جێی سوژدەکەی خۆی دەکات و ئاوڕ ناداتەوە .




1

وە نێوان هەردوو پێی بە ئەندازەی هەردوو شانی لێ دەکات ، زیادی ناکات و کەمی ناکات ، وە دیوی دەرەوەی رێک دەخات و تەسویەی دەکات .




2

لە پاش ئەوەی هەموو مەرجەکانی نوێژ جێبەجێ دەکات ، دەڵێت : (الله أكبر) لە گەڵ بەرز کردنەوەی هەردوو دەستی لە کاتێکدا پەنجەکانی دێنێتە یەک ، واتە بڵاوی ناکاتەوە تاوەکو بەرانبەر هەردوو گوێی یان هەردوو شانی ، وە دیوی ناوەوەی دەستی واتە لەپەکانی رووو قیبلە لێ دەکات .



3

ئەمجار دیوی ناوەوەی دەستی راستی دەخاتە سەر دەستی چەپی و مەچەک و باڵی ، وە لەسەر سینگی دایدەنا ، یان بە دەستی راستی دەستی چەپی دەگرێت .



4

ئەمجار موستەحەببە دوعای دەستپێکردنی نوێژ بخوێنێت (دعاء الاستفتاح) تەنها لە رکاتی یەکەمدا ، وە باشتر وایە دوعاکان جۆراو جۆر بکات لە نێوان ئەو دوعایانەی کە لە سوننەتدا هاتوون . دەڵێت :

((سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وبِحَمْدِكَ وتبارك اسْمُك، وتعالى جَدُّك، ولا إله غَيْرُك.))

ئەمجار پەنا دەگرێت بە خوای گەورە لە شەیتانی نەفرین لێکراو وەکو ئەوەی بڵێت : « أعوذُ باللهِ منَ الشيطانِ الرجيمِ » .


ئەمجار دەڵێت : (بسم الله الرحمن الرحيم) و سورەتی (الفاتحة) دەخوێنێت ، بە هەموو ئایەت و وشە و حەرف و حەرەکاتەکانییەوە .

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ﴿١﴾ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿٢﴾ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ﴿٣﴾ مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ ﴿٤﴾ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴿٥﴾ اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ ﴿٦﴾ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ ﴿٧﴾

ئەمجار موستەحەببە لە پاش ئەوە چەند ئایەتێک بخوێنێت بە بێ ئەوەی بڵێت : « أعوذُ باللهِ منَ الشيطانِ الرجيمِ » .
وە تەنها لەسەرەتای سورەتەکانەوە بیسمیلا دەکات .


5

ئەمجار دەستەکانی بەرز دەکاتەوە هەروەکو چۆن لە (الله أكبر) ئیحرامدا بەرزی کردەوە و دەڵێت : (الله أكبر) وە کرنۆش دەبات ، ئەمجار بە دەستەکانی ئەژنۆی دەگرێت و ئەنیشکەکانی ناچەمێنێتەوە و پشتی لە بەرانبەر سەری رێک دەخات و یەکجار وەکو واجیبێک دەڵێت : « سبحان ربي العظيم » وە موستەحەببە زیاتر لە جارێک بڵێت .




6

ئەمجار لە گەڵ سەربەرز کردنەوەدا و پێش راستبوونەوە دەڵێت : « سمع اللّه لمن حمده » لە گەڵ بەرزکردنەوەی دەستەکانی بەرانبەر بە ئاستی گوێیەکانی یان شانەکانی.
ئەگەر راستبووەوە دەڵێت : (ربَّنا ولك الحمدُ) وە موستەحەببە ئەو زیکرانەی هاتوون لە سوننەتدا بیڵێت.
ئەمجار (الله أكبر) دەکات بە بێ بەرز کردنەوەی دەستەکان و لەسەر حەوت ئەندامەکە سوژدە دەبات : ناوچەوان و لووت و هەردوو دەستی و هەردوو ئەژنۆی و بەشی ناوەوەی پەنجەکانی پێی .
نێوان هەردوو بنباڵی و سکی لەیەک دوور دەخاتەوە ، وە لە نێوان سکی و رانیدا و هەروەها نێوان رانی و قاچیدا لە یەک دوور دەخاتەوە و هەردوو باڵی (قۆڵی) ناخاتە زەوییەکە بەڵکو بەرزی دەکاتەوە




7

دەڵێت : « سبحان ربي الأعلى » . یەکجار وەکو واجیب ، وە موستەحەببە لە یەکجار زیاتر بڵێت و بۆی هەیە دوعا بکات و بپارێتەوە ، وە باشترە ئەو دوعایانە بکات کە لە سوننەتدا هاتوون.



8

ئەمجار (الله أكبر) دەکات پێی چەپی رادەخات و لەسەری دادەنیشێت ، وە بەشی ناوەوەی پەنجەکانی پێی راستی توند دەکات لە زەوییەکە و رووو قیبلەی دەکات ، وە ناوەوەی هەردوو دەستی (هەردوو لەپی) دەخاتە سەر کۆتایی ئەژنۆکانی و دەڵێت : (رب اغفر لی) . جا ئەم دانیشتنە بۆ هەموو دانیشتێکی ناو نوێژە تەنها لە تەحیاتی کۆتایی نوێژە سێ رکاتی و چوار رکاتییەکاندا نەبێت ئەو کات تەوەروک دەکات ، بەوەی پێی چەپی دەخاتە ژێر قاچی راستی .



9

ئەمجار (الله أكبر) دەکات و سوژدە دەبات هەروەکو سوژدەی یەکەم ،
ئەمجار (الله أكبر) دەکات و هەڵدەستێتەوە بۆ رکاتی دووەم ،
وە ئەوەی لە رکاتی یەکەمدا کردی لە رکاتی دووەمیشدا دەیکات ، تەنها ئەوە نەبێت رکاتی دووەم (الله أكبر) ی ئیحرام و دوعای دەستپێکردنی نوێژی تێدا نییە (دعاء الاستفتاح) .




ئەگەر لە رکاتی دووەم بووەوە ئەوا دادەنیشێت بۆ خوێندنی تەحیات .
وە بە پەنجەی شایەتمانی ئاماژە دەکات و بە هەردوو پەنجەی ناوەراست و پەنجە گەورە ئەڵقەیەک دروست دەکات و پەنجەی شایەتمان دەجوڵێنێتەوە و دوعای پێ دەکات .



ئەمجار تەحیات و صەڵاواتی ئیبراهیمییە دەخوێنێت :
« التحيات للّه، والصلوات والطيبات،
السلام عليك أيها النبي ورحمة اللّه وبركاته، السلام علينا وعلى عباد اللّه الصالحين، أشهد أن لا إله إلا اللّه، وأشهد أن محمدًا عبده ورسوله ، اللهم صل على محمد وعلى آل محمد، كما صليت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم؛ إنك حميد مجيد، اللهم بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم ؛ إنك حميد مجيد.

ئەمجار پەنا دەگرێت بە خوای گەورە لە چوار شت و دەڵێت : « اللهم إني أعوذ بك من عذاب جهنم ، وأعوذ بك من عذاب القبر ، وأعوذ بك من فتنة الدجال ، وأعوذ بك من فتنة المحيا والممات »
ئەمجار دەتوانێت ئەو دوعایەی پێی خۆشە بیکات ، بەڵام لە پێشترە ئەو دوعایانە بکات کە لە سوننەتدا هاتوون وەکو : « اللهم أعني على ذكرك وشكرك وحسن عبادتك » .
ئەمجار دوو سەلامەکە دەداتەوە ، بە لای راستیدا و بەلای چەپیدا و دەڵێت : « السلام عليكم ورحمة اللّه »
وە تەنها بەسەری ئاور دەداتەوە بە بێ شانەکانی و بە بێ بەرز کردنەوەی سەری بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە و بە بێ ئاماژەکردن بە دەستەکانی .



10

ئامادەکردنی : دکتور هەیسەم سەرحان ، مامۆستا لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا و سەرپەرشتیاری پەیمانگای سوننە : mahadsunnah.com

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە رێگەپێدراوە . بۆ وەرگیرانی بڵاوکراوەکە : sarhaan.com یان بارکۆدەکە سکان بکە.